# بەرەو ڕووبوونەوەی شاعیرانی کورد هەمبەر "وشکە سۆفی" لەسەدەی کۆتایی عوسمانیدا

## (نالی بە نموونە)

م. ی. کەژاڵ محەمەد (فەداکار)
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی زمان)

**وشە سەرەکییەکان:**
(وشکە سۆفی، ڕاستی، تەریقەت، شەریعەت، عەقڵ، عوسمانییەکان)

**کورتەی باس**

خاوەن بیروڕا و زانایانی جیهانی ئیسلام لەسەر ئەو بیروباوەڕەن کە لەپاش گەشەسەندنی ئایینی ئیسلام و سەقامگیر بوون و تێپەڕبوونی چەندین سەدە، شوێنکەوتوانی ئەم ئایینە پیرۆزە بۆ گەیشتن بە ڕاستی (حەقیقەت) بێجگە لە تەوەری شەریعەت کە زانایانی ئایینی (فقها) پەرچەمداری ئەم شا ڕێگەیە بوون و ڕێوشوێنیان لەسەر بنەمای فرمانەکانی کردەیی یاسای شەرع دامەزرا بوو، دوو تەوەری تریش هاتنە ئاراوە یەکێکیان تەریقەت (سۆفیگەری)بوو کە لە سەر بنەمای "تاقیکردنەوەی دەروونی ڕاستەوخۆی" مرۆڤ هەڵدەسووڕا و عاریفەکان سەرپەرشتی ئەم تەوەرەیان دەکرد، ئەوی تریش حەقیقەت بوو کە حەکیمان و فەیلەسووفان ڕابەرایەتی ئەم ڕێگەیەیان دەکرد و بۆ پێکانی ئامانج و دۆزینەوەی ڕاستی، لەسەر بنەمای "عەقڵ" دەڕۆیشتن.

جا لە هەر سەردەمێکدا لەگەڵ ئاڵوگۆڕییەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ڕامیاری و ئابووری و...تاد لە لایەن هەندێک لە چینەکانی کۆمەڵگا بە ناحەق و نا دروست لەم ڕێبازە ئایینی و مەعریفیانە کەڵک وەرگیراوەو بۆ مەبەستی کەسایەتی و دنیایی خۆیان بەکاریان هێناوە. وشکە سۆفییەکانیش یەکێک بوون لەو کەسانەی کە لە ژێر ناوی تەریقەت و مەعریفەت و سۆفیگەری بە شێوەی جۆراوجۆر خۆیان جێ کردبووەوە و لە بەرژەوەندی ماددی و کۆمەڵایەتی ئەو پلە و پایەیە بەهرەیان وەردەگرت، بۆیە خاوەن بیروڕا و ئەدیبان و شاعیرانی کۆمەڵگای کوردیش لەسەردەمی عوسمانیدا لەگەڵ ئەم دیاردەیە بەرەو ڕوو بوونەوەو بە نووسین و هۆنراوە بە توندی لە هەمبەر ئەم جۆرە کەسانە هەڕەشە و هێرشیان کرد.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستن و ڕوونکردنەوەی دژایەتی و بەرەو ڕووبوونەوەی چەند شاعیرێکی گەورەی کورد وەک نالی، مەحوی، سالم لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی، لەگەڵ ئەم دیاردەیە و لەگەڵ "وشکە سۆفییەکانی" ئەو ڕۆژگارەدا.

**پێشەکی**

دەقەکان بە شێوەی تایبەت و لە دەوروبەرێکی



**نالی**

کۆمەڵایەتی، مێژوویی و کولتووریی تایبەتدا بەرهەم دێن. واباوە کە زمانی شیعر، بە تایبەت شیعری دڵداری و غەزەل، کە شاعیرانی وەک نالی و سالم گرینگییان پێ داوە، زیاتر وەرگری گریمانە کراویان هەیە، بەڵام وەرگرانێکی دیکەشیان هەیە وا شیعرەکان خیتاب بەوان نووسراون. لە ڕاستیدا، باری دەوروبەری زاڵ بەسەر بەرهەمهاتنی دەقەکە لەبەرهەم هاتنیدا دەوری هەیە.

باری دەوروبەری زاڵ بەسەر بەرهەمە شیعرییەکان لە هەر سەردەمێکدا دەکرێ لەم هۆکارانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

١- میرات و نەریتی ئەدەب و کولتووری.
٢- بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی.
٣- نێرەری پەیام، یان بێژەر.
٤- وەرگری پەیام، یان وەرگر(گوێگر، یان خوێنەر).

## میرات و نەریتی ئەدەبی و کولتووریی شیعری سۆفیانە

میرات و نەریتی ئەدەبی و کولتووریی شیعری سۆفیانە، بە تایبەتی غەزەلی عیرفانی بە هۆی جیهانبینی زاڵەوە بووە، چونکە جیهانبینی شاعیرانی عارف جیهانبینییەکی ڕوحانی بووە، ئەمەش هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی سوفیانەی ڕۆژهەلاتییەوە وابووە، بە میرات و نەریتی ئەدەبی و کولتووریی شیعری کلاسیکی فارسی و کوردییەوە بەستراوە. ئەم نەریتە وای کردووە بەردەوام بیر لە "ریا"بکەنەوە و ئەوانەی نوێنەری ئەم ڕیا و ئالوودە کردنی "مەشرەب"ی عیرفانە بوون، کەوتوونەتە بەر توانجی شاعیرانێکی وەک "حافز" و "نالی" کە دەڵێ:

**"صوفی نهاد دام و سر حقه بازکرد**
**بنیاد مکر بافلک حقه بازکرد**
(حافز)

**وەکو سۆفیی سافی مەبە ئالوودە بە دنیا**
**بێهوودە موکەددەر مەکە سەرچاوەیی مەشرەب"**
(نالی)

بەگشتی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بەردەوام سۆفییەکان لەبەر هەندێ هۆی ناشایستە وەک "هەڵپەرستی"، "ریاکاری" و "دوو ڕوویی" بوونەتە مایەی لۆمەی خەڵک. لەلایەکی دیکەشەوە، "پێوەندی موسوڵمانە کوردەکان، لەگەڵ ڕێبازە سۆفیگەرییەکان هەمیشە توندتر بووە لە پێوەندییان لەگەڵ ڕێبازە توندە ئیسلامییەکان. ئەو دابودەستوورە ئایینییانەی کە سۆفییەکانی کوردستان بە جێیان دێنن، لەژێر ڕابەری شێخەکان، یان خەلیفەکاندا، گەلێ ڕەفتاری ئەوتۆیان تێدایە کە بە ئاشکرا لەگەڵ ڕێوشوێنی ئیسلامەتی ڕاستەقینەدا نا گونجێن"(ئیزەدی، ٢٠٠٧: ٣٦٢). ئەمەش وای کردووە زۆرجار تەریقەت و شەریعەت بەرانبەر بەیەک بوەستنەوە و ململانێیەک لە نێوان مەلا و شێخەکاندا دروست بێت. "بەدرێژایی سەدەی نۆزدەم دوو ڕێبازی ئایینی ئیسلام بەرەو ڕووی یەکتر بوونەوە ئەوانەش بریتی بوون لە بزووتنەوەی سەلەفی و ڕێبازی نەقشبەندیی خالیدی" (ڕێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندیی - خالیدی: مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، ٢٠٠٩: ٢٢٤، گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە ٢)، بۆیە ئەمە بەردەوام هۆیەک بووە بۆ سەلەفییەکان و مەلاکان، دژایەتی سوفیزم بکەن و بەرەو ڕوویان ببنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە مەعریفە شەرعییەکان زیاتر ئەو نەریت و پێڕەوە زاڵە بوون کە لە جیهانی ئیسلامیدا باو بووە و حوکمڕانی ئیسلامی لە شێوەی میراتی خەلافەتی ئیسلامیدا ماوەتەوە، کە لە سەدەی نۆزدەدا (سەردەمی نالی، سالم) خەلافەتی ئیسلامی عوسمانی زاڵ بووە. ئەم دەسەڵاتەش ئایینی

وەک ئامرازێک بۆ ملکەچ کردنی نەتەوەکانی تر و بە تایبەت کوردەکان بە کارهێناوە، نەخوازەڵا بۆ زاڵتر کردنی دەسەڵاتەکەی ناکۆکی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکانی قۆستووەتەوە.

### بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی

تێڕوانینی جیاوازی موسڵمانەکان بۆ مەسەلەی خەلافەت لە ئەنجامدا دوو دەسەڵاتی بە هێزی (عوسمانی) و (سەفەوی) لێکەوتووەتەوە، کە بە هاتنی قاجارییەکانیش هەر بەردەوام بووە و سنووری دەستاودەست کردنی دەسەڵاتیان بەردەوام کوردستان بووە. کورد لەم نێوانەدا هەوراز و نشێوی زۆری هاتووەتە سەر ڕێ . بەرگری کردووە، یان "مەحکوومی عەجەم"، یان "سوخرەکێشی ئالی عوسمان" بووە. ئەم بارودۆخە کاریگەرییەکی تایبەتی هەبووە لەسەر دەروونی تاکی کورد و پەنابردنی بۆ گۆشەگیری (إنزواء) کە خۆی لە سۆفیزمدا بینیوەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تۆمەتی ئەوەیان بخرێتە پاڵ کە لەبەرانبەر هێرش و داگیرکارییەکان و ستەمکاران بێ دەنگ بوون، یان خۆیان بە قەزا و قەدەر سپاردووە.

دیارە ئەمە لە پێوەندی لەگەڵ تەریقەت لە کوردستاندا تاڕادەیەک دووفاقانەیە، تەریقەت لە کوردستان ئەوکاتەی هێزی کۆمەڵایەتی شێخەکان بە هۆی خاوەن موڵکایەتی و پێگەی بە هێزی جەماوەرییەوە بەرفراوان دەبێ، بەرەو خۆتێوەگلاندن لە دەسەڵاتی سیاسی دەچێ و ئەم پێگە ئابووری و کۆمەڵایەتییانە دەخرێنە پێناو ئامانجی سیاسیشەوە. لەوانە، شاملی داغستانی، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ سەعید، شێخ ڕەزای دەرسیم و شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ مەحموودی حەفید بەرچاون.

### نێرەری پەیام، یان بێژەر و وەرگری پەیام/ خوێنەر

زمان نوێنەری ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەیە، تێیدا بەرهەم دێت. ئاساییە، زمانی کوردی کە بە پێی سروشتی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی، هەروەها جۆری ئەدەبی زاڵی سەردەمەکە کە شیعرە، باری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتە بنوێنێ. شیعری کلاسیکی کوردی، لەلایەک نەریتی ئەدەبی و قاڵبی شیعری نەریتی پاراستووە و دەربڕی ئەو زاراوە و باوەڕ و ئایدۆلۆژییەیە کە خزمەت بە پاراستنی کولتوری گشتی و عادەت و ڕەفتاری هاوبەش دەکات لە کۆمەڵی ئەوسادا.

بێ گومان ئەگەر لە ڕووی ئابوورییەوە ئاوڕێک لەباری خوێندەواری و ڕووناکبیری ئەو کاتە بدەینەوە، دەزانین کە خوێندەواری تایبەت بووە بە چینی باڵا و تا ڕادەیەکیش مامناوەندی. خوێندەواری کورد، یان میرزاکان بوون کە دەزگای میری و خوێندەواری نێوان دەسەڵاتە ناوچەیی و ناوەندییەکان بوون، یان مەلاکان بوون کە خوێندەوارییەکی ئایینی و شەرعییان هەبووە. میرزاکان زۆربەیان بەهۆی سروشتی چینایەتی و بەرژەوەندییان کەمتر دانوویان لەگەڵ سۆفیایەتی کولاوە. "فەقێکان هەرچەندە زۆربەیان کە بوون بەمەلا، لەبەر سوودی دنیایی بێ، یان گەڕانەوەیان بۆ لای خودا بوون بە مەنسووبی شێخێک، بەهۆی ئەو ژیانی ئازاد و نەبەستراوەی فەقێیەتییەوە دانوویان لەگەڵ شێخ نەکولاوە، بەڵام کەڵکیشیان لە تەکیە و خانەقاکان وەرگرتووە بۆ پێ سەلماندنی ناشەرعییەتی شێخێتی کار و کردەوەی شێخەکان. (نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە، محەمەدی مەلا کەریم، ل. ٤٧). بەهەر حاڵ ئەمان ژیانێکی وابەستەیان هەبووە. سەرچاوەیەک لە دەسەڵاتی ئایینی هەبووە ئەم جۆرە لە ژیان پاساو بدات، بەگشتی ئەم ژیانەش وای کردووە ڕەچاوی پێوەندییەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بکەن.

وەرگرەکانیان، کاسبکاران و هەژارانی شار و جووتیاران و ئاژەڵدارانی گوند کە زۆرینەی کۆمەڵگای ئەوسایان پێکدێنا، نەخوێندراو بوون، هەر بۆیە پێوەندییەکانی دەسەڵات بە هۆی ئایینەوە زاڵ ببوو، ئاساییە نارِوون و تا ڕادەیەکی زۆر درک پێنەکراو بووە بۆیان.

کەواتە، شاعیرانی وەک (نالی و سالم) شیعریان گوتووە، هەر بۆیە بێ گومان کە ئەوانیش بەرهەمەکانیان لە ئاست ئەو چاوەڕوانییانەدا، بۆ پاراستنی جیهانبینی زاڵی، دەسەڵاتی زاڵ و پێوەندییە زاڵە کۆمەڵایەتییەکان گوتووە، بەڵام شاعیران لەو جێگایەی ململانێیەکان لە سنووری ئەوی خۆولاتی و منی شاعیری گرێدراو بە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی زاڵەوە دەترازێ، سنووری تێڕوانینی دادەخزێ بۆ فێرکاری هۆشیارکردنەوەی وەرگری نائامادەی نەخویندەوار کە تەنیا لەدەم توێژی ئامادە و دەسەڵاتدارەوە دەیبیستێ. لێرەدایە کە شیعری کوردی لە



**سالم**

چێژ بەخشینێکی ئەویندارانەی غەزەلەوە بەرەو شیعری فێرکاری شۆڕدەبێتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە کەلامی نالی، سەرەتا دەبێت لە خۆمان بپرسین کە ئەو لە چ کاتێک و لە کوێ ژیاوە؟ یەکەمین سوود و کەڵکی ئەم پرسیارە ئەوە دەبێت کە بە پێوەرەکانی زانستی سەردەم و تێڕوانینی کۆمەڵناسانە و رووناکبیرانەی هاوچەرخ دەڕوانینە نالی لە کۆمەڵگا و سەردەمێک لە دایک بووە کە سیستمی فێرکاری و فێرگەکان و خزمەتگوزار و کتێبخانە و تاقیگەکانی ئەمڕۆیی نەبووە. ئەو کات لە وڵاتی ئێمە، لە هەموو شوێن، منداڵی تازە فێربوو، ئەگەر باوک و دایکێکی خوێندەواری هەبووبێ، پێشەکی لەوان فێردەبوو و دواتر ئەم دایک و باوکە، ئەگەر توانایی دارایییان هەبوو منداڵەکەیان دەبردە مەکتەب، ئەگەر باری ئابوورییان باش بوو. لەو تەمەنە سەرتر، ڕەنگە منداڵەکەیان دەنارده لای مامۆستای ئسوول و فقەو کەلام و تەفسیر.

نالی (١٨٠٠-١٨٥٨)یەکێ لە گەورەترین شاعیرەکانی زمان و وێژەی کوردی شێوەزاری کرمانجی خوارووە. لە پەنای وێژەی کوردیدا، مەکتەب و سەبکێکی وێژەیی نوێی لەناوچەی دەسەڵاتی بابانەکاندا هێنا و جیا لە دیوانی شیعری، شرۆڤەی کتێبی منازەرەی (لا تساء)ی داناوە. دیوانی نالی، داگری غەزەلی پڕ لە ساز و ئاواز و بنەڕەتدارە. غەزەلی فارس و بابەتە شیعرییەکان، هەروەها بابەتە شیعرییەکانی عەرەبی کاری تێکردوون.

### وشکە سۆفی

وشکە سۆفی لە رووی زاراوەییەوە بەو سۆفیانە دەگوترێ کە بە ڕواڵەت خۆیان بە سۆفی نیشان دەدەن و هەڵسوکەوت و جلوبەرگیان سۆفی ئاسایە و لە کەناری دەریای سۆفیگەری دێن و دەچن و لەچڵکی ماددە پەرستی و دنیا ویستی پاک نەبوونەتەوە و چێژیان لە سۆفیگەری ڕاستەقینە وەرنەگرتووە و بەرەو ناخی ڕۆنەچوونە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەسەرچاوەی سۆفیگەری نابەڵەدن و نەیانتوانیوە هەر دوو زانستی شەریعەت و تەریقەت بە یەکەوە بگونجێنن.

**ئێستەش سروشکی عیشقی هەیە (شیوی ئاودار)**
**یاخۆ بووە بە صۆفیی وشکی لە حەق بەدوور؟!**
(نالی . ل: ١٨٨)

*** وەک چاوی وشکە صۆفیەکانی لە دار و بەرد**
**دەدرێن بە صەد تەرەننوم و گریان و نووکە نووک.**
(نالی . ل: ٢٥٩)

*** ئەی چاوی پڕ نەدامەت، دڵ پڕ غەم و غەرامەت**
**بگری کە وشکە صۆفی لەم فەیضە بێ نەصیبە.**
(نالی . ل: ٣٩٧)

*** بنوارە وشکە صۆفی یو ڕەقصی بەهەلهەلە**
**دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە**
(نالی: ل ٤٦٦)

وشکە سۆفی کە بەگوێرەی وشکییەکەی دەبێ لە هەموو دیمەنێکی ڕابواردن دوور بێ، بکەوێتە سەما کردن چون ئەو لەڕێگای ڕاستی دوورە (نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە، ئاراس، لاپەڕەی ٥٧) .

### سۆفی وریا و درۆ

نالی لەگەڵ هەرکەسێک کە درۆ و ریای تێدا ببینێ شەڕی هەیە و لە هەر چینێکی کۆمەڵگا لە هەر دەستەیەک ئەم کەسانە هەن، واعیز و موفتی و فەقێی مەدرەسە و...تاد ڕۆڵەی کۆمەڵگا، ئەگەر لەکارەکەیدا دووڕوویی و فریوی تێدا بێت، لەسەرزەنشتی گاڵتەی نالی دەرناچێت. لە غەزەلەکانی نالی دیارە دڵێکی

خۆشی لە صۆفی، زاهد و شێخ نییە.

*** ئەی خەڵوەتیی مورائی، بێ ڕەنگی خود نومائی**
**ڕەنگ زەردی عاشقی بە، نەک زەردرو شەقی بە**
(نالی: ل ٣٩٦)

*** بزم می در، ندما جمع، قدح گرد شده**
**صوفی نک ورد و دعای سحریله یری وار**
(نالی: ل ٢١٨)

نالی هیچ کـاتێک لە دەروێش نزیک ناکـەوێتـەوە و هەمیشە لەگەڵ ئەوان بەربەرەکانێ دەکات، هۆیەکەیشی ئەوەیە کە ڕاستی لە دەروێشدا نابینێتـەوە، بە تایبـەت ڕیاو دووڕوویی لە کۆمەڵگە ئەوەندە شتێکی ئاساییە، لە کۆمـەڵگەشدا هەمـوو کـەس دەیانناسن کـە ئەهلی ڕیاو درۆن.

*** ئاوی کەوسەر نۆشی صۆفی بێ کە من**
**ئاوی ئینسان، یەعنی ماچی دەم دەخۆم**
(نالی: ل ٣٩٧)

*** سەماعە، گەردشی عیشقە، حەقیقەت**
**لە صۆفی و ڕەقصی تەقلیدی نەما باس**
(نالی: ل ٢٣٣)

*** صۆفی بی خەڵوە نشین بۆ نەظەرێکی گوڵی ڕووت**
**ڕەنگە وەک نەرگسی تەڕ چاوی سپی بێت و دەرێ**
(نالی: ل ٦٥١)

*** لەم خۆشییە کە هیزمی مەطبەخ سەوز بووە**
**ماوم عەجەب لەدیدەیی صۆفی کە ناڕوێ!**
(نالی: ل ٦٩٨)

*** صوفییان هاتنە مەجلیس وەرەقی دیدە بشۆن**
**لەکن ئەو دێمییە وشکانە لە دەریا نییە باس**
(نالی: ل ٢٣٤)

*** صۆفی! وەرە ئەسەیری زوهووراتی باغ و ڕاغ**
**لایێ هەموو شکۆفەوو، لایێ هەموو گوڵووک**
(نالی: ل ٢٥٦)

(سـەرجـەمی ژیانی فـەقـییـەتی و ژیانی ناو دەرباری بابان، بەڵکو ژیانی ئەستـەنبـۆلی نالی ئەوەی لێ هاتە بەرهەم بیکا بەشاعیرێکی لەگەڵ سۆفیەتی نەگونجاوی وا ژیانی سـۆفـیـەتی دژی ژیان و بەهرە وەرگـرتن لە دنیـاو تـەمــەن بە فــیــــڕۆدەر دابنێ، بۆیە هەرچەندە هەلی بۆ هەڵکەوێ دژی بخوێنێ و گاڵتەی پێ بکا و سۆفییەکان بە سـاختـەچی و ڕیا باز دابنێ و لەم مـەیدانەدا هەمـوو جۆرە وردەکـاریـیـەکی مـەعنا و هەمـوو هونەرێکی یاری بەوشــە کــردن بەکــاربێنێ) (نالی لەکـــلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە: ئاراس: ل ٥٠)

**ڕیشەکەی پان و درێژە، بۆ ڕیا خزمەت دەکا**
**ظاهرە هەر کەس بەتوول و عەرضی ڕیشیدا ڕیا**
(نالی: ل ١٢٨)

لێرە سووکی ئەکا بەزاهید بەهۆی دووڕوویی

**بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم سەرو قەدانە**
**صۆفی لە طەڵەبدان و، هەموو سالێکی ڕاهن**
(نالی: ل ٣٤٤)

**صۆفی و سەرو مێزەر، من و زوڵف و سەر و دەسماڵ**
**من کوشتەیی لاجانگم و، ئەو کوشتەیی جانگە**
(نالی: ل ٤٦٤)

لێرە ئیشارەتە بە ئەوە کە سۆفی لە جەنگی ڕیاکاریدا کوژراوە کە دنیا و قیامەتی تێدا لەکیس چووە.

**صۆفی! چیە ئیشی تۆ؟ هەر کایە حەشیشی تۆ!**
**عاشق وەکو ڕیشی تۆ، هەوساری لەکن پەشمە**
(نالی: ل ٤٧٦)

### تەماعکاری سۆفی و ڕیاکاری

صۆفی مەستووری ڕووت و موفلیسی خستە طەمەع
سەیری خاڵی بێ حیساب و ماچی لەعلی بێ بەها
(نالی: ل ١٣١)

**وەک صۆفی صافی مەبە ئالوودە بە دونیا**
**بێهودە موکەدەر مەکە سەرچاوەیی مەشرەب**
(نالی: ل ١٣٤)

**حوسنی نەظەرە ئەصڵی نەظەر حوسنی بەعیصمەت**
**صۆفی کە دەکا تەرکی، بەئینسانی مەزانە**
(نالی: ل ٤٨١)

**موغەیلانی جل و مێزەر دڕێنی صوفییە، یەعنی**
**ئەمە ڕێی موحریمانی مەحرەمی سەر ڕووت و عوریانە**
(نالی: ل ٤٩٥)

**صۆفی ڕیایە خەڵوەتی، بێنی بەهاری کرد**
**هاتە دەرێ لەسایەیی چایەر، حەسایەوە**
(نالی: ل ٥٤٤)

لەکـاری زاهیـد زوهدێک هیچ لەکـار نییـە، زاهد درۆ دەکـا و لە پشت ئەم ڕوخســارەوە بە ڕواڵەت ڕاســتی نەفسی ئەمارە فەمانڕەوایە، وەک ئەم بەیتە:

**بە مـەرگی خـۆت قـەسـەم، زاهیـد، هەمـوو عـومـرت**
**عوبوورێکە**

**مەقام و مەنزڵت، ئاخر، لەکن جەمعی قوبوورێکە.**
(نالی: ل٤٥٨)
**زاهید! مەکە مەنعی دڵ، بۆ تۆ نییە سوودی گوڵ**
**خاکت بەسەر ئەی غافڵ! کەوتوویە چ سەودایە؟!**
(نالی: ل ٥٦٢)
**خاطری زاهیدی خاڵی خاڵی**
**بە ئەلبەتتە لە بێنیکی ڕیا**
لێرە دووڕوویی و درۆ لەگەڵ خواکردن پێشان دەدات.

## شێخ

لەکەلامی ئەو شێخ زیاتر بە شێخی خانەقایە و ئەهلی مینبەر و زانایانی مەدرەسە، یان زۆرتر بە نازناوانێک وەک فەقێ و مفتی...تاد ناودەبات. لەبارەی شێخی خانەقاش ئەو غروور و لە خۆبایی دەردەبڕێت، بەڵام بەگاڵتەجارێکی دەریدەبڕێ:
**شێخی یو سەر لنگە دەستاڕی بەدەستاری بوزورگ**
**ڕەندم و، دەستاری کەللەی من دەفە، نەک میندەفە**
(نالی: ل ٤٥٢)
**شێخم، چ گەرمە حەڵقەیی ذیکرت بە ڕەشبەڵەک؟**
**حاڵی ئەمانە خۆ بەجەنابت موحەووەلە!**
(نالی: ل ٤٦٧)
**دائیم لەدووتە مێگەلی ژن، نێرگەلی پیاو**
**بەم ڕیشەوە لە پێشەوە بووگی بەسەر گەلە!**
(نالی: ل٤٦٨)
**تۆ شێخ و ئەو عەجووزە، عەجەب دۆستی یەکترن**
**بێ شاهید و نیکاحە دیارە موعامەلە.....**
(نالی: ل ٤٦٩)
یان:
**شێخم! وەرە دەر، فەصڵی بەهار و گوڵ و گەشتە**
**ئەییامی لە گەرمابە خزان وەقتی خەزانە!**
**ئەو شێخە بە کوم مەگرە کە پەشمینە مەریدە**
**ئەو ڕیشە بەسەر دارەوە ڕێسێکی بوزانە**
(نالی: ل ٤٧٩)
لێرە دنیا پەرستی شێخ دەشوبهێنێ نەک بەیەک گەیشتنێکی ناشەرعی لە نێوان پیرە پیاوێکی دنیا پەرست و پیرەژنێکی عەیاری فێڵبازدا کە ئەنجامەکەی تەنیا داوێن پیس و چەند حەرامزدە و زۆڵێک بێ.
لەئاکامدا لەو کۆمەڵگایەی کە نالی تێدا ژیاوە گۆڕان و پێگەیشتن نەبووە، دیاری خۆی قوربانی دەستی ئەم جەماعەتە بووە.
**∗کوشتەی نیگاهی دیدەتە، گەر مەست، ئەگەرخەراب**
**بەستەی کەمەندی زوڵفتە، گەر شێخ، ئەگەر سولووک**
(نالی: ل ٢٥٥)
**شێخی یی و سەراپا دەڵەک و ڕێوی دەپۆشێ**
**(نالی)م و ڕووتی لە هەمـــوو دیدە دەپۆشم(نالی: ل٢٨٢).**
محەمەدی مەلا کەریم لەبابەتی کۆبوونەوە لە سلێمانی بەڕێوە چووە. لەلاپەڕەی (٣٢١) لەو باوەڕەدایە کـــە: لەناو ئەو هەموو بەیتانەی نالی دا کە لە شێخ و شێخێتی و سۆفی و سۆفیەتی دەدوێن تەنیا دوو بەیت هەیە ناوی (نەقشبەند)یان تێدا نێوان هێنراوە، دەتوانرێ بوترێ جۆرە ئیشارەتێکیان بۆ تەریقەتی (نەقشبەندی) تێدایە، بەڵام لەوەوە کە باسی دوو بنەماڵەی (سەیی) دەکا، دەگونجێ بڵێین پێوەندییەکی بە تەریقەتی (قادری)یەوە هەیە، چونکە ئەو دوو بنەماڵەیە تێکڕا سەر بە تەریقەتی قادرین. (محەمەدی مەلا کەریم: لا ٣٢١: ساڵی، ٢٠٠٩)
**لە عەکسی زاتی بێ ڕەنگت هەتاکەی دیدە ڕەنگین بێ**
**جونوونی لەیل و مەیلی نەقشبەندی عەکسی ئەسما بێ**
**مەگەر هەر یاری نەقشینم ببێتە نەقشبەندی دڵ**
**کە نەقشی غەیری ڕەنگی ئەو بە ئاوی دیدە شۆرابێ.**
(نالی: ل ٦٠٠)
**کە جێگەت بۆ عیبادەت بێ، چ فەوقانی، چ تەحتانی**
**کە حوبت بۆ سیادەت بێ، چ (بەرزنجی)، چ (باراوی)**
**مەکە دەعوایی پاکی یی نەسەب بۆ جیفەیی دنیا**
**کە سەیید بی، چ (بەرزنجی)، چ (پیریایی، باراوی).**
(نالی: ل ٦٨٩، ٦٩٠)
یان بڕێ جار ڕوومەتی دەروێش وا پیشان دەدات بۆ ئینسانێکی تەنپەروەر و لەش گرانە ئەرزی خودا بۆ ئینسانەکان جێگای کار و تێکۆشان و چالاکییە و جێگای تەنپەروەری نییە، نالی لەو بڕوادایە کە دەروێش جێگای هەمیشە لە نێوان مزگەوتە، بێ ئەوەی چالاکی و تێکۆشین بێ بۆ نموونە:
**ئەم ئەرزە مەزرەعەی عەمەلە و گوڵخەنی ئەمەل**
**هەندی بووە بە مەسجید و هەندی بە مەزبەلە**
(نالی: ل ٤٦٧)
یان بڕێ جار وێنەی وەک کاریکاتێرە لە شێخ لەناو شیعرەکانیدا بە وێنە، یان بە دیمەنێک نەقاشی دەکا و

شێخ بەنیشانەی ئینسانێکی ناڕاست و ڕیا باز دەزانێ:

**خەرقە پۆشێ کەی دەپۆشێ جەوهەری ذاتی ئەمن؟**
**بێتە نێو، جیاوەی، بە زوشتێ خۆی بە عوریانی دەکا**
(نالی: ل ١٠١)

**سەبرێکی خۆش لە چیمەنی ناو (خانەقا) بکە**
**ئایا ڕەبیعی ئاهووە، یا چایری سنوور؟!**
(نالی: ل ١٨٨)

**دەس بەندیانە دێن و دەچن سەروو و نارەوەن،**
**یا حەڵقەیانە صۆفیی مل خوار و مەندەبدوور؟**
(نالی: ل ١٩١)

**بە نەهری کەوثەر و شیر و عەسەل چەند تینووە صۆفی**
**لەبی (نالی) دووچەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقە**
(نالی: ل٤٥٧)

**لە خەڵوەت هاتە دەر صۆفی، گڵ و بەرد بە سەرما دا**
**مەکەن مەنعی لەبەر خەڵوە، ئەویش تازە غوروورێکە**
(نالی: ل ٤٥٩)

**صۆفی کە گران بارە، بێ مەغزو سەبوک بارە**
**صووف پۆشێ، غەمی بارە، ئەوباری لەکن بەشمە**
(نالی: ل٤٧٤)

**سوپاس و پێزانین:**

سوپاسی خۆم ئاڕاستەی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە یارمەتیان داوم بۆ ئەم توێژینەوەیە، بە تایبەتی بەشی کوردی، بەڕێزان (د.ڕەحیم سورخی) و (د.ابراهیم حەمە ڕەش) بەشی مێژوو و لە بەشی فارسیش (م.فەهری).

**سەرچاوەکان:**

**(١) قورئانی پیرۆز.**

**(٢) نالی، مەلا ئەحمەد شاە وەیسی میکایلی: بەهاوکاری و پێداچوونەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودڕەیس، فاتح عەبدولکەریم، موحەمەد مەلا کەریم، چاپی دووەم، بلاوگەی سەلاحەددین ئەیوبی، ورمێ ١٣٦٤.**

**(٣) خەزنەدار د.مارف: مێژووی ئەدەبی کوردی، بلاوگەی ئاراس ٢٠٠٤.**

**(٤) خەزنەدار، د.مارف (بابەت) شیعری مەحوی لە نێوان سۆفیزم و دەروێشیزمدا، کۆلیژی ئەدەبیات، زانستگای سەلاحەددین ئەیوبی.**

**(٥) محەمەدی مەلا کەریم، (بابەت) نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، کۆڕی نەتەوەیی لە سلێمانی.**

**(٦) کۆمەڵە وتاری یەکەمی نێونەتەوەیی ئەدەبی کوردی (بەشی کوردی)، زانستگای کوردستان توێژینگەی زمان و ئەدەبی کوردی، دکتۆر ڕەئووف عوسمان، ڕەنگدانەوەی قورئان لە هۆنراوەکانی نالی دا بە پێی زانستی خواناسی.**

**(٧) فەتاح، عەبدولکەریم (بابەت) نالی هەر لە لووتکەدایە، زاراوەکانی عیرفان لە شیعرەکانی نالی دا، کۆڕی نێو نەتەوەیی ئەدەبی لە سلێمانی.**

**(٨) سەجادی، دکتۆر زیائەدین، مقدمەای بر عرفان و تصوف، انتشارات سمت تهران ١٣٨٤.**

**(٩) دکتر سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات وتجرات عرفانی- ١٣٨٧ چاپ چارم. کتابی نەی طهوری.**

**(١٠) میرنشین ئەردەڵان، بابان، سۆران-ئاراس، خاوەنی ئیمتیاز شەوکەت شێخ یەزدین، سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب. هەولێر.**

**(١١) سەجادی، علاءالدین، مێژووی ئەدەبی کوردی بلاوگەی کردستان ١٣٩١ هەتاوی.**